# به ناچاری دەنگ بۆ لیستی هاوپەیمانێتی کوردستان دەدەم...
# بەڵام شایستەی ئەوە نین سەرو سامانی کوردستانیان پێ بسپێردرێت

**دکتۆر محەمەد کەیانی**
**2005/1/19**

چەند رۆژێک لەمەوبەر نووسینێکم لە کوردستان پۆستدا بلاوکردەوە بە ناونیشانی "دەنگتان دەدەمێ ئەگەر شەرعیەت بە تەعریب کردنی کەرکوک نەدەن"، ئێستاش بەرپرسیارم لە هەر وشەیێکی وتارەکەم و لە یەک وشەشی پەشیمان نیم. هەر لەسەر وەعدەکی خۆمم، و ڕووداوەکانی پاش وتارەکەم وەهای دەردەخەن سەرکردایەتی سیاسی کورد توانیان خۆیان نەخنە بنباری ئەو تاوانەی دان بە تەعریب کردنی کەرکوک دابنێن، وە تا حەدێکی باشیش خۆیان لە بەر فشارەکانی ئەمریکا ڕاگرت. هەر چەندە بەڵێنەکانی غازی یاوەر و ئەیاد عەلای وەک ترۆفسی ناو ڕانک وان هیچ قیمەتێکیان نییە، چونکە خویان دەیانەوێت تەعریب بمێنێتەوە و دواجاریش سەری ئەم مانگە تەقاویت دەبن. پەڕلەمانی حالیش لە ئێستاوە ئێکسپایەر بووە. دەمێنێتەوە سەر وەعدەکانی هەر دوو بالوێزخانەی ئەمریکا و بەریتانیا. ( ڕاستیەکەی ئەم دانووستنانە دەبایێ لەگەڵ سیستانی دا بکردرابایێت). هەر بۆیەش قەرارمدا لەم رۆژانە خۆم ناونووس بکەم و ڕۆژی دەنگدانیش دەنگ بە لیستی هاوپەیمانێتی کوردستان بدەم،نەک هەموو تاکێکی ناو لیستەکە. هەرچەندە هەر یەک دەکاتەوە، بەلام هیچ ئیختیارێکمان بۆ نەماوەتەوە. ئەگەرجی قیریسیا و بەمەجبووری دەنگ بە پاک و پیسەکانی خۆیان دەدەین، لە هەمان کاتیشدا دەبێ پێ لە چەمکی نیشتیمان پەروەری و ویژدانی خۆشمان بنێین و دەنگ بە خاینەکانی ناو لیستەکانیشیان بدەین.

ڕاستیەکەی، بەبێ گۆڕانی باروزرووفی هەڵبژاردن لە کەرکوک، بە هیچ جۆرێک دەنگم نەدەدانێ. ئێستاش جگە لەمەی سەرەوە، من لەبەر دوو هۆ دەنگ بەو لیستە 'کوردستانیە دەدەم : یەکەم، ئەوە یەکەم جارە کوردستانی و شۆڤێنیەتی عەرەب، دووەم علمانییەت و توندڕەوی دینی و مەزهەبی شیعی بەرەوڕووی یەکدی دەبنەوە لەبەردەم سندووقی دەنگداندا.

ئەو گۆڕانکاریانەی باروزرووفی هەڵبژاردن لە کەرکوک، وا پێدەچێ تایی بارەکەی نەختێک بەلای کورددا راست کردبێتەوە. لەم درەنگ بەخۆ هاتنەوەی سیاسەتمەدارانی کورد و سەر قاڵبوونی 'فەقیرە نایبە کوردەکەی سەرۆک کۆمار' بە کاروکاسبی خۆیەوە ( جەعفەریش زۆر بزێوە مەجال نادات) و خانم بەرواری بە شووکردنەوە و 'کەسبکردنی ئەو عەرەبە سەرسەختە بۆ کوردایەتی' و هەندێ لەوانیتریش بزانن بە چییەوە خەریکبونە و ئەوانی تریش هەر ئەوەندە پێرادەگەن! لەم سەروبەندەش هەر ئەوەندەش بەدەست دێت. بەڵام دەبێ فێربین هەموو کات پلانیان هەبێت، پێشباران کەپەنک بەخۆیان دابدەن و لە داهاتوودا پەیرەوی ' لا تؤجل عمل ألیوم ألی ألغد' بکەن!

نامەوێ ئەوەی ڕۆژی 12005/15 لە کوردستان پۆستدا بلاوم کردوەتەوە دووبارەیان بکەمەوە. هەموو شتەکانی لەوێدا باسم کردوون، بەلای خۆمەوە هەر هەموویان ڕاستین و مشتێکیشن لە خەروارێک. تا بڵێی گەندەڵیان کردووە، دزییان کردووە، ماڵومڵکی خەڵکیان زەوت کردووە، ماڵی میللەتیان تەخشاوپەخشان کردووە، برا کوژییان کردووە، هەموو جۆرە تەعدایێکیان لە جەماری خەڵکی کوردستان کردووە، ناوچەگەرێتیان کردووە. ئەمریکی و بەرتانیەکانیش لە خۆیان باشتر بە گەندەڵی و دزیوجەردەیان دەزانن. بە گوێی خۆم لە یەکێک لەو بەریتانیانەی لەگەڵ CPA کاری دەکرد گوێ لێبووە، دەیووت" سەرکردە کوردەکان گەورەترین ساختەچی و دز (crook)ی دنیان. بە داخەوە، هەر بۆێێشە قورسایی سیستانی و عبدالعزیز الحکیم نابنە یەک. لەوانەش کرداری خراپ تر و گەورە تریان ئەوەیە، وجودی چەمکی خیانەتیان لەناو بیرەوباوەری کورددا ڕەش کردەوە. چەمکی فەرقوجیاوازی لە بەینی پاکوپیسی و نیشتیمانپەروەری و خیانەت دا نەهێشت، بە دانانی ناوی جاش و جاسووسان لە لیستەکانی هەڵبژردن دا، ئینجا بە هەر بروبیانوێک بێت، وە هەروها لێنەپێچانەوە لە فایلدارەکان. بەلای منەوە نەمانی ئەو هێلە دیاریکراوەی لە نێوان خیانەت و نیشتیمانپەروەری (یان بڵێین بێوەیی)دا،هەر هەموو چەمکەکانی هەستی نەتەوایەتی،ناڵێم بوونی نەتەوەی، کورد دەخاتە بەر گومانەوە. بەهیچ جۆرێک پاساو بۆ ئەم هەڵوێستانە نییە و قابیلی هیچ جۆرە موناقەشەیێکیش نیین. *داوا لە ڕۆشنبیرانی کورد دەکەم لەم دیاردەیە بکۆڵنەوە*.

لە بەریتانیا، ئێستاش نەوەکانی سەربازە هەڵاتووەکانی گۆڕەپانی جەنگ، نەوەک جاسووس، ئەوانی سزا درابوون و ڕەمی کراون بە تۆمەتی ' خیانەتی عوزما'، لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم دا، بە سووکییەوە سەیریان دەکردرێت. هەر کاتێک مێژوونووسێک لە بارەی یەکێک لەو شەڕانە و باروزرووفەکی دەنووسێت و بەپێی ئەو بەڵگەنامە نوێیانە و وە یان هەر بەڵگەیێکی تر ڕێی تێدەچێت بیسەلمێنێ کەوا یەکێک لەوانە ڕەنگە تۆمەتەکەی بە نارەوایی درابێتە پاڵ و سزاکەی بەسەرا درابوو لەو کاتەدا ڕەنگە عادیلانە نەبووبێ. ئەوە نەوەی ئەوانە دەچنە دادگا بۆ پاک کردنەوەی ناوی باپیر و باپیری باوکیان بۆ ئەوەی شەرمەزاری لەسەر خۆریان لاببەن. تا ئیستاش شاژنی بەریتانیا ناوێری ناوی مامەکەی بهێنێت لە بەر ئەوەی گومانی لێدەکردرێت رۆژێ لە رۆژان مەیلی نازییەتی هەبووە و پێش شەر هیتلەری بینیوە، مردیش جارێکی تر چاوی بە بەریتانیا نەکەوتەوە. کەچی، لە ئەمڕۆی کوردستان لە سایەی سەری یەکێتی وپارتی، خائینان دەبنە ڕابەر و دەمڕاست و نوێنەریشمان و دەستوور و قانوویشمان بۆ دەنووسن! خەڵکانێکی زۆر، ساڵەهائ ساڵ لە ناخۆشترین ڕۆژەکانی مێژووی کورددا خەباتیان دەکرد، دەبێ خۆزگە بەوە بخۆن وەک جەوهەری محێی هەرکی، جوکۆ محەمەد کلحێ ڕێکانی، نامیق رەقیب سورچی، دکتۆر سەعدی بەرزنجی....و ئەوانیتر ئێوە ناویان بێنن، نەک هەر خۆیان،بەلکو بابەلباب خاین بوونە و ئێستاش لە لیستی نوێنەرانی گەلی کوردن بۆ پەڕلەمانەکان! خۆ گریمان پاساویان بۆ کاندید کردنی ئەو کەسانە ئەوە بێ بە بۆنەی هەریەک لەوانە 2،3 بلێ10 هەزار کەس بە لاشعووریەوە دەنگ بە لیستەکانیان دەدات، باوەڕم بەوەش هەیە ئەوەندەش زیاتر بە شعوورەوە لە دژی ئەوانە و ئەوەندەیتریش لەبەر دوژمنداری لەگەڵ یەکێک لەوانە دەنگ بەو لیستانە نادەن. دوایی کام ئایین و بیروباوەر ڕێگا دەدات چەندین کەسی ڕابردوو پڕ سەروەری لەگەڵ ئەوانە، تێکەڵ بکەن ، بابە قەیناکات لەگەڵ دزەکانی قەدیم هەر لە ریزی خۆیان دا بوونە. ناڵێین قەسابخانەیان بۆ دابنێنن، بەڵام خیانەت هەر خیانەتە و خیانەتکاریش هەر دەبێ بزانێت ئابڕووی هەتا هەتایە هەر لەکەدارە. کەچی ئەمڕۆ دەبینین کردەوەی خیانەت و خیانەتکار خەڵات دەکردرێن. شێواندنی چەمکی خیانت و بە پۆزەتیڤ سەیرکردنی و تەشویق کردنی، گەورە ترین ستەمی نەتوایەتی و خەتەر تیرین تاوانە ئەو حیزبانە دەیکەن.

تاوانێکی لەوەی سەرەوە گەورەترش ئەوەیە، غەسبکردنی ئیرادەی تاکی کوردە. هەر لایەنێک موماره سی ئەم کردارە دڕندانانە بکات با کوردیش بێت بێشک لە بەعس دڕندەترە. هەردوو حوکمەتەکەی هەولێر و سلێمانیش بە بەربڵاوی پەیڕەوی دەکەن. هەردووکیشیان وەزیری مافی مرۆڤیان هەیە و ئەوەندەشیان پێ کەمبوو یەکێکی تریشیان لە بەغدا دانا! چۆن و بەچ کلۆجێک، کەسێک لەسەر کار دانامەزرێنن ئەگەر لە ناوچەی یەکەمیان پارتی و لەناوچەی دووەمیان یەکێتی نەبێت. چۆن مرۆڤ و ماڵومناڵیان لە نانوئاو بژێوی ژیان بێبەش بکردرێت لەبەر ئەوەی ئەندامی حیزب نییە وسەربەخۆیە، وەیا ئەندامی حیزبێکی ترە. تاکو تێستاش دەرچووە یەکەمەکانی کۆلێجەکان لە خوێندنی باڵا وەرناگرن. ئەو جێگایانە بۆ مناڵە مەسوول حیزبی وەیا مناڵە کۆنە ئاغایێکی لیکەوتو، یان شێخە گەڕێکی زیندووکراوە تەرخانکراون. ئینسانە بە تواناکان وەرناگیرین لەبەر ئەوەی 'یەکێک نییە لەوان'. ئەدی، ئەگەر بە فشار، ئینجا هەر جۆرە فشارێک بێت، یەکێک بکردرێتە حیزبی غەسبی ئیرادەی ئینسان نەبێت چی پێ دەڵێن؟ ئەرێ بەو فاشیلانە زانست و زانکۆ و رۆشنبیری و ئەدەب کەلچەری کوردی بەرەوپێش دەبەن. ئەی بەمجۆرە پەیامی ئەو ئازادیەی جەماوەریان هاندەدا خەباتی بۆ بکەن جێبەجێ دەکەن؟ وا دیارە ئەو هەموو شیعارانەیان هەر هەمووی درۆ دەرچوو و هەر بۆ ئەوەیانبوو جێگای بەعس بگرنەوە تاکو پەیڕەوی کردارەکانی ئەوان و بەلکو خراپتیش بکەن! دەبێ بە چی چاوڕوێکەوە داوا لە خەڵک بکەن دەنگیان پێندەن! تاکو ئێستاش جەماوەر بە قەرزدار دەزانن، لە لووت بەرزی خۆیان نەکەوتوون. ئەگەر بەراوردێکی چۆنیەتی گەرموگوری هەڵوێستی خەلکی کوردستان بەرامبەر بە بەرەوپیرچوونی هەڵبژاردنەکانی ساڵی1992 و بێ موبالاتی بەرامبەر هەڵبژاردنەکانی کۆتایی ئەم مانگە بکەین، دەبینین موتمانەی خەلک تا چ رادەیێ بەو حیزبانە کەم بووە. لە جیاتی ئەوەی داوای لێبووردن لە جەماوەر بکەن ئتنجا داوای دەنگیان لێ بکەن، کەچی دەیانەوی بە شیعاراتی عاتیفی و بریقەدار جەماوەر هەڵخەڵەتێنن.

لەگەڵ ئەو هەموو نارِوایی، گەنەڵی و دزیانەش کە لە کوردستان بەربڵاوە، بەشبەحالی خۆم، مادام هیوای ئەوە هەیە دەنگدان و هەڵبژادن ببنە نۆرم ( عادەت) گەش بینم بە دووا ڕۆژ. هەر هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستان، ئەو عەقلیەتەی هەیانە شەقی سندووقی هەڵبژاردن پێیان دەگۆڕێ،وە یان لە ئەنجامدا وەلادەندرێن. ئەگەر دیموکراتیەت سەربگرێت ئەوە جەماوەر براوە دەبێت. ئەمجارە نا جارێکی تر، یا جارێکی، یا جارێکی تر، ئەو ڕۆژە هەر دێت هاووڵاتیانی دەنگدەری کورد خوێندەوار و هەشیار ببن، هەست بە بەرژەوەندی تایبەتی دوورونزیکی خۆیان بکەن، هەست بە بەرژەوەندی گشتی بکەن، بتوانن رەشوسپی لێک جیابکەنەوە و بە چاک بڵێن چاک بە خاپ بڵێن خراپ. دەرئەنجام خەڵکانێک دێنە پێشەوە لەبەر ئەوەی خۆیان خۆیانن،توانا و لێوەشاوەی و ڕابردووی کار وکەسایەتیان و لە خۆبووردنیان بۆ خزمەتی گشتی فەرزیان دەکات بەسەر ئەوانەی تا ئێستا دەهێنرێنە پێشەوە لەبەر ئەوەی مناڵی کام کۆنە شێج، ئاغان یان بنەماڵەن، یان سەرۆکی کام عشیرەت، خەڵکی کوێن ومناڵی

کام دەوڵەمەندن. بەکورتی لێهاتوویی و لە خۆبووردن دەبنە پێوەری سەرەکی بۆ ئەو کەسانەی هەڵدەبژێردرێن بۆ پۆستە گشتیەکان، وە بەتایبەت پەڕلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان....هتد. خەڵک وایلێدێ لە سەر ئەساسی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیان و گشتیەکان، بە کورتی، لەسەر ئەساسی قازانجی گیرفانی خۆیان و کۆمەڵگەکەیان دەنگ دەدەن نەک لەبەر خاتری کاکە و مامە.

پێویستمان بە پەڕلەمانێکە، خەلکانێکی بخزێتە ناوەوە، کاتێ دەبینن ملکومالی گشتی بەرسەر چەند دێوەزمێکدا تاپۆ دەکرێ دەنگ بەرز دەکەنەوە لەجیاتی ئەوەی دەمکوت بکرێن بە دابینکردنی چەند بەژەوەندیێکی تایبەت بۆ خۆیان. پێویستمان بە چەند کەسێکە لە پەڕلەمان عەرزە گشتیەکانی هاوینەهەوارەکان بۆ نەوەکانمان بپارێزن، ئەمانە کە مڵکی گشتین و دەبێ بۆ بەرژەوەندی گشتی سوودیان لێوەربگیردرێت. یەکێکمان پێویستە، هەر لە پاش سەری ئەم مانگە و لە یەکەمین کۆبوونەوەی پەڕلەمانی کوردستان، داوای ڕاگرتنی بەخشینەوەی عەرزەکانی 'دوگان' بکات، کەوا ئێستا دەستیان پێکردووە. یەکێکمان لە پەڕلەمان دەوێت، تاقیبی هەواڵەکەی ڕۆژنامەی فاینانشیەل تایمز بکات کە لە ڕۆژی 2004/12/10 دا بلاویکردوەتەوە و دەڵێ ئیدارەی حوکمەتی هەولێر 500 ملیۆن دۆلاری کاشی بردوەتە دەرەوەی کوردستان، بزانن ڕاستە یان درۆیە، چۆن و بۆچی؟ لە کاتێدا پارێکی وا زۆر کارگەی بەرهەم هێنانی وزەی کارەبی هەموو کوردستانی پێ دادەمەزرێندرێت و هەولێری کەلاوەشی پێ نوێ دەکردرێتەوە. کەسێکمان دەوی بپرسێ بۆ بۆماوەی حەفت هەشت ساڵە دهۆک و دەوروبەری و سلێمانی ئاوەدان دەکرێنەوە و دەڕازێندرێنەوە، کەچی هەولێر هەر وێران دەکرێ و بە کەلاوەیی ماوەتەوە ( سەد خۆزگەم بە هەولێرەکەی سەستەکان و حەفتایەکان). قیر بۆ هەموو دنیا هەیە تەنها بۆ جادەکانی ناو شاری هەولێر نەبێت. گەلێک زۆر شتی تری لەم بارانە، ئاشکرا و شاردراوە، هەن لێیان بپێچردرێتەوە.

کە ئەو شتانەش دەڵێم، حەز دەکەم ئەوەش بڵێم من سەر بە هیچ حیزبێک نیم و دژی هیچ حیزبکیش نیم تەها ئیسلامی توندرەو و حەزیش لە سەرلێشێواوەکانی 'تایفەی' فسفس پاڵەوانەکەی ئیمراڵی ناکەم. بەڵام دژی سەرسەختی هەموو کارە گەندەڵەکانی ئەو حیزبانەی کوردستانم. ئەوەی ئەمڕو لەوان روو دەدات نابایێ بە هیچ جۆرێک روویبدابا. وە زۆریش حەز دەکەم و ئاواتیشمە کاکە یان مامە ببێتە سەرۆک کۆمار یان سەرۆک وەزیران لە جیاتی عەگاڵ بەسەرێکی شەمەر یان هەر عەرەبێکی تری سوننە یان شیعە.

بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی لە داهاتوودا، ئەرکێکی هەرە گرنگی هەموومانە جەماوەری خەلکی کوردستان بەوپەڕی تینەوە هانبدەین مومارەسەی ئەو هەقە سورشتیەی خۆیان بکەن و فێربن دەنگ بدەن. دەنگ نەدان بە هەدەر دانی سەرمایێکی گەلێک بەها دارە. مومارەسەکردنی هوشیارانەی دەنگدان گەندەڵەکان ڕادەماڵێ و ئەو حیزبانەش ڕادەماڵێ گەندەڵ و گەندەڵپارێزان بەرێوەی دەبەن. من لێرەدا باس لە چەمکی بەشدار بوون یان نەبوون لە هەڵبژاردەکان لەسەر بنەمای ڕەفز کردنی لکانەوەی کوردستان بە عێراقەوە ناکام. زۆران لە ئێمە رەفزی بەشدار بوونی هەڵبژاردن دەکەن لە بەر ئەوەی باوەڕیان بەوە نیە لە هەلومەرجەکانی ئێستا کوردستان بە عێراقەوە بلکێتەوە، ئەمەش مافێکی تایبەتی خۆیانە. بەڵام ئەگەر مەسەلەی بەرپەرچدانەوی کردەوەکانی حیزبەکانە، لەم حاڵەتەدا، بۆ سەقامگیرکردنی دیموکراسی و وەرچەرخاندنەوەی ئەنجامەکانی بە بەرژەوەندی جەماوەر، دەبێ خەڵک هانبدرێت بەشداری هەڵبژاردن بکەن وفێری مومارەسەکردنی ناڕەزاییە دەنگ (protest vote) ببن؛ بەمانای دەنگدان بە لایەنێکی سیاسی وکەسانێکی تر لە دژی هەڵوێستێکی سیاسی یان کردارە ناڕاستەکانی حیزب و لایەنێکی تر یان حیزبی دەسەڵاتدار. بۆیێ بەشدار بوون و دەنگ دان بۆ پەڕلەمانی کوردسیان وئەنجومەنی پارێزگاکان زۆر زۆر پێویستە. وەک دەنگگۆی ئەو ناڕەزاییە جەماوەریەی لە کوردستان هەیە دژ بە حوکمڕانی ناڕەوای ئەو چەند ساڵەی ئەو دوو حیزبە سەرەکییەی کوردستان، ئەگەر بخرێتە قالبی ناڕەزاییە دەنگەوە و دەنگ بە لایەنەکانی تر، جا هەر لایەنێک بێت، بدرێت، دەبێتە لێدانی مشتکی بە هێز لە لووتی بەرزی ئەو دوو حیزبە حوکمڕانە و پەیامێکی بەهێزە بۆیان کەوا هیچی تر ناتوانن بە سعری جاران لێخوڕن و گوێ بۆ جەماوەری خەلکی کوردستان ڕانەگرن. بەپێچەوانەشەوە، دوورەپەرێز وەستان و سارد کردنەوەی جەماوەر لە دەنگدان خزمەتی بەرژەوەندی ئەو حیزبانە و مانەوە و بەردەوام بوونیان لەسەر بە تاڵان بردنی سەروسامانی کوردستان دەکات. ئەگەر تەنها دەنگ نەدان بێت بۆ پەڕلەمانی کوردستان زۆریشیان پێ خۆش دەبێت. ئەو دوو حیزبە لە حالیحازردا جەماوەرێکی دەنگدەری تایبەتی خۆیان هەیە، وە بەتایبەت کە ئێستا بە یەکەوە یەک لیستیان هەیە، بەشی ئەوە دەکات زۆرینەیێکی هەرە زۆریش مسۆگر بکەن. بەڵام هەبوونی ئۆپۆزیسیۆن هەرچەند کەمیش بێت، وەیا بڵێین ئەو کەسانەش نەبن جێی چاویان تیابێ،هەر لە هیچە باشترە. ئەمە دەبێ بکرێتە دەستپێکێکی کاریگەر بۆ بنیات نانی بناغەیێکی پتەو بۆ دووا ڕۆژ. لە هەموو شوێنێکیش، سەرهەڵدان وگەشەکردنی دیموکراسی سەرەتا و دەستپێکێکی هەیە. ئەمەی ئێمەش، دەبێ بە هەمانجۆر بێت و لە

پڕێکیشا نابێتە کوڕێک. دیموکراسیەت و پەڕلەمانی کوردستان و مێنتالیتی ( هز وبیرکردنەوە)ی جەماوەریش بە جارێک و دووجار نابێتە پەڕلەمان و دیموکراسیەتی بەریتانیا، دەنا یەکێک دەبوو داوای ڕوونکردەوەیێک لە خانم بەرواری و حیزبەکەی کاندیدی کردووە بکات، ئایا لە کاتی قەراردان لەسەر مەسەلەیێکی چارەنووسسازدا وەلائی بۆ بەرژەوەندی و داواکاری لیستەکەی دەبێت یان بەرژەوەندی بیرو بۆچوونی مێردەکەی و لیستەکەی، لە حالەتێکدا ئەو دوو بەرژەوەندیە دژ بە یەکتر بن؟ وە ئایا موتمانەی ئەوەی پێ دەکردرێت نهێنیەکانی تاکتیک و مناوەرات و سیاسەتەکانی لیستەکی بپارێزێت؟ کێ گەرەنتی ئەوە دەکات لە ژێر کاریگەرێتی سۆز (عاطیفە) و بلاکمێل( هەڵخەڵەتاندن بە هەر جۆرێک) دا چۆکدانادات و ناکەوێتە داوی ئەوەی کاری وابکات گەلێک زۆر بکەوێت لەسەر بەژەوەندی دەنگدەری کورد؟ ژیانی تایبەتی کەسانی خاوەن پۆستە باڵا گشتیەکان، ژیانی خۆیان نییە لە دەولەتی دیموکڕات دا. هەر کەسێک ئەگەر چاوی لەو پۆستانەیە دەبێ هەماهەنگی هەبێت لە نێوان ژیانی تایبەتی و ویست (طموح) ە سیاسیەکانی، ئەگەر نا بە دوورووو (**Hypocrite**) دادەندرێن و لە پۆسەکانیان وەلا دەندرێن. یان لەسەر دەعوەتی شەوێک لە هۆتێلکی محەمەد فاید وەزیرێک دوو ساڵ زیندانی بکردرێ، وە یان وەزیرێک لەسەر ئاشکرابوونی کارئاسانکردنی ڤیزەیێک بۆ دایانی دۆستێکی ئیستیقال بدات. بەهەر حال ئێمە جارێ، خۆمان و حیزبەکانمان زۆرمان ماوە لەو چەمکانە بگەن. بەهەرحاڵ ڕێگا هەر چەند دوور و درێژ بێت سەرتاکەی لە هەڵگرتنی هەنگاوی یەکەمەوە دەست پێدەکات.